مەزڵوم کۆبانێ: لەگەڵ فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا جەختمان لە بەهێزکردنی هاوبەشی نێوانمان کردەوە



مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) ڕایگەیاند، لەگەڵ ژەنەڕاڵ مایکڵ ئێریک کوریلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا کۆبووەتەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای سوریا و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی دژی داعش، "کۆبونەوەیەکی گرنگ بو"، دەشڵێت، "جەختمان لە بەهێزکردنی هاوبەشی نێوانمان و ئاگربەست و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵاتدا کردەوە".

مەزڵوم کۆبانێ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "X" باسی لەوەکردوە، لەگەڵ هەریەکە لە ژەنەڕاڵ مایکل کوریلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (سینکتۆم) و ژەنەڕاڵ لاهی کیڤن، فەرماندەی هێزی ئەرکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان کۆبووەتەوە و "کۆبونەوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای سوریا و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی دژی داعش گرنگ بو".

شاندە باڵەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوێنێ هەینی گەیشتنە ڕۆژاڤای کوردستان و سەردانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)ی کرد.

مەزڵوم کۆبانێ دەڵێت، لە کۆبونەوەکەدا "جەختمان لە گرنگی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کردەوە

بۆ کۆنتڕۆڵکردنی زیندانەکان و گەڕاندنەوەی خێزانەکانی کامپی هۆڵ بۆ ناو کۆمەڵگە".

ئەوەشی خستەڕوو، هەروەها "جەختمان لە بەهێزکردنی ئەو هاوبەشییە و گرنگی ڕۆڵی ئەمریکا لە دامەزراندنی ئاگربەستی هەمیشەیی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا و دەستبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵاتدا کردەوە".